# وەرگرانی خەڵاتی نۆبڵی 2012







ئا: هاشم ئەمین

خەڵاتی نۆبڵ ساڵانە دەبەخشرێت بەو کەسانەی کە خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن لەڕووی زانستی و ئەدەبییەوە، ئەم خەڵاتە لەلایەن ئەلفرێد نۆبڵ پێشنیار کرا لەساڵی 1895 واتە ساڵێک پێش مردنی، ئەلفرێد نۆبل کەسێکی دەوڵەمەندی خەڵکی سویدبوو، لە وەسیەتنامەکەیدا نوسیبووی" زۆربەی ماڵەکەم بدرێت بەو کەسانەی کە خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن" ئەم خەلاتەش بۆ یەکەمجار لەساڵی 1901 کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، خەلاتەکەش دەدرێت بەو کەسانەی داهێنان دەکەن، لە بوارەکانی (فیزیا، کیمیا، پزیشکی، ئەدەب، ئاشتی، زانستی ئابوری) جێی ئاماژەیە تەنها خەلاتی نۆبڵی ئاشتی لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج دابەشدەکرێ، سەرجەم خەلاتەکانی تر لە ولاتی ستۆکهۆلمی پایتەختی سوید دابەشدەکرێت، خەلاتەکەش بریتییە لە مەدالیایەکی ڕێز لێنان و بروانامەیەک و برێک پارەیەک، کە دەگاتە نزیکەی یەک ملیۆن دۆلار.

سەرەتای دابەشکردنی خەڵاتەکانیش لە هەشتی ئۆکتۆبەر تا چواردەی ئۆکتۆبەر سەرجەم خەڵاتەکان دابەشکرا بەم شێوەیەی خوارەوە:

خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بەخشرایە یەکێتی ئەوروپا

لیژنەی خەلاتی نۆبلی ئاشتی ئەمسال درا بە یەکێتی ئەورپا کە ڕۆڵی زۆریان هەبوو لە بواری ئاشتیداو، سەرۆکی لیژنەکەش ئەوەیراگەیاند" کە ئەم یەکێتییە ڕۆڵی باشی هەبووە لەگەڵ شۆرشگێرەکاندا و بەتایبەتی تریش مەسەلەی ئاشتی لە قارەکانی ئاسیا و ئەفریقادا" ئەمە لە کاتێکدا ساڵی رابردوو خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی درا بە تەوەکەل کرمان.

خەلاتی نۆبل لە بواری پزیشکی بەخشرایە پزیشککێکی بەریتانی و یابانی

خەلاتی نۆبلی پزیشکی ئەمساڵ درا بە هەردوو پزیشک (جون جوردن)ی بەریتانی و (شینیا باماکانا)ی یابانی لە بواری کۆپیکردنی پزیشکیدا کە توانیویانە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا زۆربەی بەشەکانی لەش و خانە بچێننەوە، هەروەها ئەو دوو زانایە توانییان ئەوە ئاشکرا بکەن خانە پیربووەکانی لەش بۆ خانە بنەرەتیەکان نگێرنەوە، کە لە وەها حالەتێکدا خانە بنەرەتیەکان دەتوانن ببن بە هەر خانێکی تایبەتی لە لەشدا.

خەلاتی نۆبل لە بواری کیمیادا بەخشرایە دوو کیمیاگەری ئەمریکی

لەبواری کیمیاشدا خەلاتی نۆبڵ درا بەهەردوو کیمیاگەری ئەمریکی رۆبێرت لیفکۆفیتز و برایان کۆبیلکا، ئەکادیمیای شانشینی سویدی بۆ زانست ڕوونیکردەوە" توێژینەوەکەیان بناغەیەکە بۆ تێگەیشتن لە ئایندەی کارکردنی پرۆتینەکانی(جی) کەوا لەخانە دەکات لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێت".هەروەها توێژینەوەکەیان یارمەتی دروستکردنی دەرمان دەدەن کە کەمترین کاریگەری نێگەتیڤی هەبێت لەسەر لەش ئەگەر هاتوو بەکارهێنرا.

خەلاتی نۆبل لە بواری ئەدەبدا بەخشرایە نوسەرێکی چینی

ئەکادیمیای پاشایەتی سوید ڕایگەیاند"خەلاتی نۆبل لە بواری ئەدەبدا بۆ ئەمسال بەخشرایە نوسەری چینی (مو یان)










. مو یان لە ساڵی 1955 لە ناوچەی شاندۆنغ لە ڕۆژهەڵاتی چین لە دایکبووە، لە ساڵی 1981ەوە دەستی بەکاری نوسین کردوە، زۆرێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکان وەک فیلمی سینەمایی پێشکەش کراون. ئەو نوسەرە چینییە یەکەم ڕۆمانی خۆی بەناونیشانی "باران بارین لە شەوی بەهاردا" لە ساڵی 1981 بڵاوکردۆتەوە. بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو نوسەرە بۆ چەندین زمانی جیهانی وەرگـێـردراون ، جگە لەو خەلاتە ئەدەبییە پربایەخە، نو یان پێشتر چەندین خەلاتی دیکەی جیهانی وەرگرتووە. لیژنەکە هۆکاری بەخشینی ئەو خەلاتەی بۆ (مو) گەراندوەتەوە بۆ ئەوەی چیرۆکی میللی بەستۆتەوە بە مێژوو و ئێستاوە ، بەشێوەیەک واقیعی تێکەل بە خەیالی کردوە. خەلاتی نۆبل لەساڵی (1895) ەوە لەسەر دەستی داهێنەری بەناوبانگی سویدی ئەلفرێد نۆبل دانرا، کە داهێنەری داینەمۆ بوو.

شاعیر و ڕووناکبیری سوری ئەدۆنیس، ماوەی سێ ساڵە یەکێک لە کاندیدە بەهێزەکان بووە بۆ وەرگرتنی خەلاتی نۆبل، بەلام تا ئێستا تاکە عەرەبێک ئەو خەلاتە ئەدەبییەی وەرگرتبێت ڕۆماننوسی ناوداری میسری نەجیب مەحفوزە.

خەلاتی نۆبل لە بواری فیزیا بەخشرایە دوو زانای فەرەنسی و ئەمریکی

لیژنەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ بواری فیزیا بڕیاریدا کە خەڵاتەکە ببەخشێتە هەردوو زانا سیرج ئاروشی فەرەنسی و دەیڤد ئیلاندی ئەمریکی کە لێکۆلینەوەکەیان دەربارەی چەندێتییە فیزیکیەکان.

خەلاتی نۆبل لە بواری ئابوری بەخشرایە ئەمریکی

خەلاتی نۆبل لە بواری ئابوریدا بۆ ساڵی 2012 درا بە بە ئابوریناسی ئەمریکی ڕۆبەرت شیلەر کە دەربارەی جولەی هەلگەڕاوەی بازاڕەوەیە.